# ئەگەر یەکێکتان هەستی بەشتێک کرد لە سکیدا، تووشی گومان بوو ئایا هیچ شتێکی لێوە دەرچووە یان نا، ئەوا با لە مزگەوت دەرنەچێـت هەتاوەکو دەنگێک دەبیستێت یان بۆنێک دەکات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان هەستی بەشتێک کرد لە سکیدا، تووشی گومان بوو ئایا هیچ شتێکی لێوە دەرچووە یان نا، ئەوا با لە مزگەوت دەرنەچێـت هەتاوەکو دەنگێک دەبیستێت یان بۆنێک دەکات».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە ئەگەر نوێژخوێن هەستی بەشتێك کرد لەسکیدا، وگومانی لا دروست بوو ؛ ئایا هەوای لێ دەرچووە یان نا؟ نابێت نوێژەکەی ببڕێت ودەستنوێژ بگرێتەوە ؛ هەتاوەکو دڵنیا دەبێت کە دەستنوێژەکەی شکاوە، ئەمیش بەوەی دەنگ ببیستێت یان بۆن بکات، چونکە گومان دڵنیایی هەڵناوەشێنێتەوە، ئەو دڵنیایە کە دەستنوێژی گرتووە وشکانی دەستنوێژەکەی جێی گومانە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65083

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee